



## ژووانێك لەگەڵ کتێبی

# ئەکتەری نەبینراو

**عەلی عوسمان یاقووب**

لە وەرگێڕاندا گرنگە مرۆڤ بە لەبەرچاوگرتنی هەردوو زمان، وەرگێڕێکی باش بێت، بەڵام لەمەش گرنگتر ئەوەیە، چی وەردەگێڕێت؟. دیارە لەناو ئەدەبی کوردیدا زۆر کتێبی وەرگێڕاومان هەیە چ لەباری تێکستە ئەدەبییەکان بە گشتی و چ لەباری لێکۆڵینەوە لە ژانرە ئەدەبییە جیاجیاکاندا، بەڵام ناکرێت مرۆڤ لە روانگەی هەڵبژاردنی کتێبەکان، هەر هەموویان بخاتە هەمان خانەی گرنگییەوە، چونکە هەندێکیان لە نێوەندە ئەدەبییەکانی جیهان زیاتر بوونەتە مایەی مشتومڕ لە هەندێکی تر. هەر لەم روانگەیەوە کتێبی «ئەکتەری نەبینراو»، کە «فاروق هۆمەر» لە ئینگلیزییەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، چەندە لە وەرگێڕانەکەدا جوان و رێکوپێکە، هێندەش لەڕووی هەڵبژاردنی بابەتەکەوە دەگمەن و گرنگە. کتێبەکە یەکێکە لە بڵاوکراوەکانی زنجیرە کتێبی گۆڤاری شانۆ.

کتێبی «ئەکتەری نەبینراو» لە بنچینەدا بە هاوبەشی لەلایەن «یۆشی ئۆیدا» و «لۆرنا مارشاڵ»ەوە نووسراوە و «پیتەر برووک» پێشەکیی بۆ نووسیوە. «یۆشی ئۆیدا» ئەکتەر و ڕێژیسۆری ژاپۆنی، بەشی زۆری کارکردنی لە بواری شانۆدا لە ڕۆژئاوا، وەک ئەندامێک لە شانۆی «بووف دینور»ی «پیتەر برووک» لە پاریسدا بەسەربردووە. «ئۆیدا» نەک هەر وەکو ئەکتەر لە دەرهێنانی شانۆنامەکانی ئەم گرووپە کاری کردووە، بەڵکو لە چوارچێوەی ئەم کارکردنەدا، زۆر وانەی دەربارەی ڕەهەندە جیاجیاکانی شانۆ و گەشەپێدانی تەکنیکە شانۆییەکانیش وتووتەوە. لە ژاپۆن مەشقێکی زۆری لەسەر شانۆی «نۆ» و لەگەڵ زۆر لە مامۆستاکانی بواری شانۆدا کردووە. هەر بۆیەش نەریتە شانۆییەکانی ڕۆژهەڵاتیی تێکەڵی هەموو ئەو پێویستییە شانۆییانە کردووە، کە ئەکتەر یا شانۆکار لە ڕۆژئاوا لە نواندندا پێویستی پێیان هەیە. لەم لێکۆڵینەوە سەرنجراکێش و پراکتیکییەیدا، کە دەربارەی هونەر و کارامەیی ئەکتەر بە هاوبەشی لەگەڵ «لۆرنا مارشاڵ» نووسیویەتی، ئەوە دەخاتە ڕوو، کە هەر کاتێک بینەر بە تەواوی لە شێوازو میکانیزمی ئەکتەر بگات، هەروەها لە توانا و پیشەی ئەکتەر و سەروبەندیی هونەرکارییەکەی بەئاگا بێت، ئیتر پرۆسەی نوواندن لەلایەن ئەکتەرەوە بۆ بینەرەکە نابێتە شتێکی سەیر و گومانئامێز. بۆیە بینەر بە هیچ شێوەیەک نابێت ئەکتەرەکە ببینێت، بەڵکو گرنگە نواندنەکەی ببینێت. هەر سەبارەت بەم ڕاستییەشە، کە نووسەر بە وردی دەچێتە بنج و بناوانی نواندن. لە میانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا «لۆرنا مارشاڵ» بەردەوام قسە لەسەر بەرهەم و شێوازی «یۆشی ئۆیدا» دەکات. ئەمەیش یارمەتیی خوێنەری ئەم کتێبە دەدات باشتر لە کار و بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندە جیهانییە، واتە «یۆشی ئۆیدا» بگات. دیارە ئەمە تەنیا کتێبێک نییە، کە ئەم دوو نووسەرە بە هاوبەشی نووسیویانە. کتێبی «فرۆفێڵەکانی ئەکتەر»یش هەر ئەم دوو نووسەرە بە هاوبەشی نووسیویانە.

کتێبی «ئەکتەری نەبینراو» کرۆکی پرۆسەی نواندن دەپشکنێت و دەگاتە کاکڵەی شارەزابوون لە وردەکارییەکانی جووڵە لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی جەستەیەک، کە لە توانایدا بێت هەموو کاراکتەرێک یا ڕۆڵێکی تێدا بەرجەستە بێت، کە ئەکتەر دەیەوێت. «ئەگەرچی جێی شادییە، کە [مرۆڤ] جەستەیەکی دەگمەن و ناوازەی هەبێت، بەڵام ئەکتەر دەبێت لە توانایدا بێت، تا مەودایەکی بەرفراوان ڕۆڵی کەسایەتی و کاراکتەری جیاواز ببینێت و لە پێناوی دۆزینەوە و بەرجەستەکردنی کاراکتەرە جیاوازەکاندا، دەبێ بۆی ئاسان بلوێت، کە بەرگی کەسایەتیی خۆی فڕێ بدات». تەکنیک و مەشقەکانی وەستان، بینین، هەناسەدان، ڕۆیشتن، ئاخاوتن، دەنگ...هتد ئەو بنەمایانەن، کە بۆ ئەکتەر بەسوودن.

«ئۆیدا» مەشقی جەستەیی بە مەشقی ئەندێشەوە گرێ دەدات، چونکە «هەر مەشقێکی جەستەیی، کە [ئەکتەر] پێی هەڵدەستێت، دەبێت مەشقێکیش بێت بۆ ئەندێشە نەک هەر تەنیا جوڵانی جەستەبێ و هیچی تر». نووسەر لە ڕووی پراکتیکییەوە چەندەها نموونە دێنێتەوە دەربارەی مەشقکردنی نۆ چاڵەکانی جەستە، کە بریتین لە «هەردوو چاڵی چاو، هەردوو کونی لووت، هەردوو پەرەی گوێ، دەم و دوو چاڵی دیش، کە یەکێکیان بۆ دەرهاویشتنی تەڕایی و ئەوی دییان بۆ دەرکردنی پیسایییە». ئەمە بێجگە لە ئەندامەکانی تری جەستە وەک، بڕبڕەی پشت و سک و دەستەکان و پەیوەندییان بە شێوەی ڕاوەستان و دانیشتن و ڕۆیشتن و خاوبوونەوەی جەستە و ماسولکەکان





کتێبی «ئەکتەری نەبینراو» کرۆکی پرۆسەی نواندن دەپشکنێت و دەگاتە کاکڵەی شارەزابوون لە وردەکارییەکانی جووڵە لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی جەستەیەک، کە لە توانایدا بێت هەموو کاراکتەرێک یا ڕۆڵێکی تێدا بەرجەستە بێت، کە ئەکتەر دەیەوێت

# کتێب

و ئاڕاستەکانی تری جووڵە و ئەو کاریگەرێتییەی، کە هەموو ئەمانە بەسەر شێوەی هەستکردن و بەسەر دەرووندا بەجێی دێڵن. لە سەرێکی ترەوە وردبوونەوە لە توانا هونەرییەکانی ئەکتەر لەلایەن «لۆرنا مارشاڵ»ەوە، بەیەکەوە لەگەڵ گفتوگۆی «ئۆیدا» دەربارەی مێتۆدی نواندن لە کتێبەکەدا، بە شێوەیەک رێک خراون و خراونەتە پاڵ یەکترەوە، کە شێوەی دەمەتەقێیەکی پچڕپچڕیان وەرگرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە روانگەی مانابەخشیندا، تێکهەڵکێش کراون و بەیەکەوە لکاون. «ئۆیدا» باسی تەکنیکەکانی رۆژهەڵات بۆ هونەرمەندەکانی رۆژئاوا دەکات و لەگەڵ بیرۆکەکانی رۆژئاوا دەربارەی نواندن، تێکهەڵکێشیان دەکات. بەمەش پێشنیازی کەرەسەیەکی شانۆیی سوودبەخش دەکات چ لەباری جووڵەی جەستە بێت و چ لەباری ئەتمۆسفیریی شانۆیی. ئەم شێوازە دەمەتەقێئاسایەی کتێبەکە رێبازێکە بۆ کارکردن لەسەر کارەکتەر، هەروەها لەسەر دەق. «ئۆیدا»، بە پشتبەستن بە پاشخانێکی دەوڵەمەند لە بەهرە و شارەزایی -بەتایبەتیش بە هۆی کارکردنی لەگەڵ «پیتەر برووک» لەسەر ئاستی جیهانید+ پێشنیازی گرنگ دەربارەی مەشقی هێواش و خۆئامادەکردن بۆ کاری نواندن دەخاتەڕوو. «لۆرنا مارشاڵ» دوای روونکردنەوەکانی «ئۆیدا» درێژە بە بیروڕاکانی ئەو دەدات و روونیان دەکاتەوە. ئەو زانیارییانەی دەربارەی مێژووی شانۆی ژاپۆنی دەیانخاتەڕوو، زۆر شت روون دەکەنەوە و بیرو مێشکی خوێنەر رۆشن دەکەنەوە.

«مارگرێت کرۆیدن» وتارنووسی رەخنەیی لە گۆڤاری «شانۆی ئەمریکی»، مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٨ سەبارەت بەم کتێبە روونی دەکاتەوە، کە «یۆشی ئۆیدا»ی ئەکتەری جیهانی هەموو بیرکردنەوە




هونەری و تەکنیکەکانی تایبەت بە نواندنی لە دووتوێی ئەم کتێبەدا کۆکردووەتەوە، بەڵام ئەو تەنها بۆ ئەکتەر یا شانۆکارانی نەنووسیوە، چونکە کتێبەکە جگە لە زانیارییە پراکتیکییەکان و خستنەڕووی مەشقە سوودبەخشەکان و رێنماییە هونەرییەکان، پڕە لە یاداشت و بیرەوەرییە کەسێتییەکان و گفتوگۆی فەلسەفی، ئەمانەش وا لە خوێنەر دەکەن خولیای بەدواداچوونی هەوڵ و کۆششی هونەرمەند بێت بۆ پاک و پووختەبوون و گەیشتن بەو ئاستە رۆحییەی، کە لە سروشت و تێگەیشتنی مرۆڤی ئاسایی بەدەرە. بیرۆکەی بنچینەیی کتێبی «ئەکتەری نەبینراو» لەو بانگەشەیەی «ئۆیدا» چڕبووەتەوە، کە ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ نابێت بە هیچ شێوەیەک سەرنجی خۆی بدات و دووربێت لە لاساییکردنەوەی رەفتارە شانۆییە سوواوەکان و ماوە نەدات بینەر لە نواندنەکە تێوەبگلێت. پێویستە ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ




بیرۆکەی بنچینەیی کتێبی «ئەکتەری نەبینراو» لەو بانگەشەیەی «ئۆیدا» چڕبووەتەوە، کە ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ نابێت بە هیچ شێوەیەک سەرنجی خۆی بدات و دووربێت لە لاساییکردنەوەی ڕەفتارە شانۆییە سوواوەکان و ماوە نەدات بینەر لە نواندنەکە تێوەبگلێت


یۆشی ئۆیدا

وەک ئەوە بێت، کە لە ژیانی ئاسایی دایە، بێ ئەوەی جلوبەرگە کەسێنییەکەی لەسەر تەختەی شانۆ پرۆسەی نواندنەکە بشێوێنێت. «ئۆیدا» دەڵێت: «نواندن بەلای منەوە خستنەڕووی حزووری خۆم نییە یا پیشاندانی کارامەیی و تەکنیکی خۆم، بەڵکو لە ڕێی نواندنەوە شتێکی دی دەخەیتەڕوو، شتێک کە بینەر لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا بەری ناکەوێت یان ڕێکەوتی ناکات. ئەکتەر نەک هەر بۆخۆی ئەو شتە دانامەزرێنێت، بەڵکو وەک جەستەش بینراو نییە، بەڵام لەگەڵ تێکەڵاوبوونی بە ئەندێشەی بینەران، شتێکی دی خۆی لە مێشکیاندا دەخاتەڕوو. بۆ ئەوەی ئەم حاڵەتە ڕوو بدات، پێویستە بینەر بە هیچ جۆرێک

# کتێب

لەوە ئاگادار نەبێت کە ئەکتەرەکە چی دەکات. دەبێ ئەوەیان لا بخولقێت کە ئەکتەرەکە لە یاد بکەن. ئەکتەرەکە دەبێ دیار نەمێنێت». بۆ ئەوەی ئەکتەر دیار نەمێنێت، پێویستە بچێتە ژێر باری هەندێک مەشقی سەخت، کە «ئۆیدا» بە وردی باسیان لێوە دەکات. ئەکتەر دەبێ ورد و پوخت و بە کردوکۆش بێت و بەپێی هەندێک دیسپلینی تایبەت کاربکات، هەروەها پێویستە خۆی رابهێنێت و پەروەردە بکات. دیارە مەبەست لە خۆپەروەردەکردن وەکو «ئۆیدا» باسی لێوە دەکات، قسەکردن نییە دەربارەی بەرنامەیەکی رۆشنبیریی تایبەت بە مەشقکردن، بەڵکو زیاتر خۆکرانەوەیەکی گشتی و ویستێکی پتەوە بۆ هەنگاونان بۆ پێشەوە، بۆ بەدەنگەوە هاتن نەک بۆ چەقبەستن. ئەم خۆکرانەوە و ویستە پتەوەش، کلیلی تێگەیشتنی مرۆڤە لە دیوی ناوەوە و دەرەوەی ژیان، هەروەها تێگەیشتنە لە کارکردنی جەستە و دەروونی مرۆڤ، چونکە مرۆڤ لە رێگەی ئەمەوە وابەستەی فێربوون و خۆپەروەردەکردن دەبێت و هەوڵ دەدات تەکنیکە ئاڵۆزەکان دەستەبەر بکات بۆ ئەوەی ببێتە ئەکتەرێکی نەبینراو.

«ئۆیدا» سەرەتای مەشقە شانۆییەکان بە خاوێنکردنەوە دەست پێ دەکات. پێویستە هیچ شتێک لە کاتی نواندندا نەبێت بە بەربەست لەبەردەم ئەکتەردا. خاوێنکردنەوەکە تەنیا شوێنی کارکردن و شتە بەرچاوەکان ناگرێتەوە، بەڵکو دیوی ناوەوەی ئەکتەریش دەگرێتەوە، بۆیە «ئەگەر تۆ بەو جۆرە لێی بڕوانیت، ئەوا خاوێنکردنەوە هەروا بە سادەیی (ئامادەبوون) نییە بۆ کار. وشەی (ئامادەبوون) ئەو ئاماژەیە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت کە ئەو چالاکییەی بەدوای ئامادەبووندا دێت زۆر گرنگە... هەوڵ و تەقەللا بۆ خاوێنکردنەوە تەنیا خۆی لە خاوێنکردنەوەی شوێنی کارکردنماندا نابینێتەوە، بەڵکو دەبێت دڵنیابیت لەوەی کە جەستەش لە دۆخێکی ئامادەسازیدا بێت». لەم بارەیەوە پێویستە ئەکتەر کۆمەڵێ رێنمایی تایبەتی بگرێتە بەر و هیچ شتێک بۆ فاکتەری رێکەوت بەجێ نەهێڵێت. خاوێنکردنەوەکە نابێت رووکەشانە بێت، بەڵکو دەبێ پلانی بۆ دارێژرابێت و بەوپەڕی دڵنیایی و رێکوپێکییەوە جێبەجێی بکات. هەموو هەڵسکەوتەکان پێویستە بە وردی و بە شێوازێکی دوور لە هەموو کەموکوورییەک ئەنجام بدرێن، تەنانەت ئەگەر ئەو کارەی، کە لەبەردەست دایە بێبایەخیش بێت. گرنگیی ئەو خاوێنکردنەوەیەی «ئۆیدا» باسی لێوە دەکات لەوەدایە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو هەڵوێستە گرنگەی پێویستە ئەکتەر هەیبێت بۆ هەنگاونان بەرەو حاڵەتی «نەبینراوی».

کتێبی «ئەکتەری نەبینراو» لە چەند بەشێک پێکهاتووە، کە لە ئەکتەر دەکۆڵێتەوە، وەکو بوونەوەرێکی بێکەموکوڕی. «ئۆیدا» لە باسکردنی جەستەی ئەکتەر جەخت لەسەر «هارا» دەکاتەوە، کە بە پێی بۆچوونی خەڵکی ژاپۆن، «[ئاماژەیە] بۆ ئەو جێگەیەی جەستە... کە چەند گرێیەک دەکەوێتە ژێر ناوکەوە، ئەوەش ناوەندی کێش و قورسایی جەستەی مرۆڤەو... سەرچاوەی هێز و توانا، تەندروستیی وزە، کەماڵی کەسایەتیی ئینسان و زیندوویێتی پەیوەندیی گرتنیەتی بە جیهان و گەردوونەوە». لێرەدا ئەو رێنماییانەی، کە «ئۆیدا» پێشنیازیان دەکات بۆ مەشقکردن بە «هارا» رێنمایی بەهێزن نەک هەر بۆ ئەکتەر، بەڵکو بۆ گۆرانیبێژ، سەماکەر، هەروەها هەموو ئەوانەی لەسەر تەختەی شانۆ نمایش دەکەن، بە سوودن، بۆیە کتێبەکە لە پانتاییەکی فراوانتر کاریگەریی بەسەر کولتوور و رۆشنبیریی گشتی دەربارەی زۆربەی رەنگەکانی هونەرەوە هەیە. نووسەر

باسی هەموو پێکهاتەکانی جەستە دەکات، چونکە پێی وایە، «یەکەمین شت، کە ئەکتەر پێویستە فێری بێت، جوگرافیای جەستەیەتی». بۆیە دەبێ بە هوشیارییەوە لە هەموو شوێنێکی جەستەی وردبێتەوە، ئەمەش وا دەخوازێت بە ڕێکوپێکی فێری جووڵە و وەستان و دانیشتن و خاوبوونەوە و ڕۆیشتن بێت. کتێبەکە سەرنج و تێبینیی بەهێز و وردەکاریی بەسوودی تێدایە دەربارەی مامۆستایانی شانۆی «نۆ»، «زینی گەورە مامۆستا»، ئەکتەرەکانی شانۆی کابووکی و ئاهەنگەکانی چاخواردنەوە و جەنگاوەرە ژاپۆنییەکان. زۆر چیرۆکی خۆش و سەیری دەربارەی «بووزییەکان» تێدایە. بابەتێکی دڵڕفێنی کتێبەکە باسکردنە لە کارکردنی «ئۆیدا» خۆی لەگەڵ «پیتەر برووک» لە شانۆیی «مەهاباهاراتا»، کە پرۆژەیەکی گەورەی «برووک» بوو، ماوەی چوار ساڵی خایاند. «مەهاباهاراتا» لە بنچینەدا ئەفسانەیەکی هندیی سەرنجڕاکێشە و «پیتەر برووک» بۆ شانۆ دەری هێناو نۆ سەعاتی خایاند. بێجگە لەمەش، «ئۆیدا» باسی کارکردنی خۆی دەکات لە شانۆی «ئەو پیاوەی ژنەکەی لێ دەبێتە شەبقەیەک»، لە نووسینی «ئۆلیڤەر ساکس» و ئەو کێشانەی، کە ڕووبەڕووی بووەتەوە لە قسەکردن بە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی، کە پێویست بوون بۆ دەرهێنانەکانی «برووک».

«ئەکتەری نەبینراو» لێکۆڵینەوەیەکی بێهاوتا و دۆکیۆمێنتێکی زانستییە، کە زۆر بە وردییەوە نووسراوە و بینینێکی قووڵ و زانیارییەکی پراکتیکیی دەربارەی هونەری نواندن لەخۆگرتووە. «ئۆیدا» لە ڕێگەی نمایشە نایابەکانییەوە توانیویەتی وەکو ئەکتەر مەبەستەکەی بەجێ بگەیەنێت و ئەوپەڕی پاکی بەدەست بێنێت و ببێتە «ئەکتەرێکی نەبینراو». بۆیە لەم کتێبەدا توانیویەتی بە ئەکتەرەکانی تر بڵێت، چۆن ئەم کارە ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی بیروڕاو پێشنیازەکانییەوە سەبارەت بە بوونیان بە ئەکتەری پرۆفیشناڵ. مرۆڤ ئەگەر ئەکتەریش نەبێت، دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە کۆمەڵێ سەرنج و تێبینیی لەلا گەڵاڵە دەبێت دەربارەی هوشیاریی شانۆیی، لەوانە، هوشیاری دەربارەی: کارکردن لە شوێنێکی تەرخانکراودا–ژوورێک لە هەموو ریتواڵ و کەرەسەیەکی تایبەت بە بیرکردنەوە پاککرابێتەوە- جەستەیەکی ئامادەکراو، جلوبەرگێکی تایبەت، شێوازی جووڵەی جەستە لە هەموو ڕوویەکەوە، هەروەها دەربارەی کاریگەرێتیی جووڵەکان بەسەر هەست و دەروون و دیوی ناوەوەی ئەکتەر و بە ئاگایی سەبارەت بەوەی چۆن جووڵە جیاوازەکان شێوازی هەستکردن دەگۆڕن. هوشیاری دەربارەی گشت سووچ و ئاڕاستە و لاکانی ژووری کارکردن بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، هەروەها دەربارەی بار و هەڵوێست و دەوروبەری تازەی جەستە. وەکو ئەکتەر بە هوشیارییەوە وێنای ئەوە بکەیت، کە بەردەوام لە بەرامبەر بینەران دایت، بەڵام پێویستە بەوپەڕی سرووشتییەوە ڕەفتار بکەیت. هوشیاری سەبارەت بە تێگەیشتن لە نواندن لە ڕێگەی جەستەوە نەک لە ڕێگەی مێشک و بیرکردنەوە. هوشیاری سەبارەت بەوەی، کە ڕەوتی جووڵەکان وەکو کارێکی سرووشتی بێنە بەرچاو نەک بەو پێیە ئاڕاستەبکرێن، کە پاشان چی پێویستە ڕووبدات. وێناکردنی ماوەکان وەک ئەوەی دوورتر بن، نەک بە ڕوونی پیشانیان بدەیت وەک ئەوەی لە شانۆنامە لاسایئامێزەکانی یۆنان و ڕۆمانی کۆندا دەکران. وێناکردنی شتەکان بەو پێیەی لە سەنگی ڕاستەقینەی خۆیان قورستر بن. بە ئاگایی لەوەی، کە دووبارەکردنەوە دەبێتە هۆی گۆڕان. پەیدابوونی هەست و سۆز لە ڕێگەی جووڵە یا پۆزی گونجاو نەک لە ڕێگەی خەیاڵکردن.

# کتێب


هوشیاربوونەوە لەوەی، کە جەستەیەکی هەستیار و ئازاد ڕێگە بۆ بیرکردنەوەیەکی نەرم، کە بۆ دۆخە جیاجیاکان ئامادەبێت، خۆش دەکات. نواندنی حاڵەتێکی وشک و ناخۆش نابێت بینینەکەیشی لە شانۆ هەر وشک و ناخۆش بێت. دواجار مرۆڤ لەوەش هوشیار دەبێتەوە، کە وشەکان بێجگە لە ماناکانیان، دەنگیان هەیە و چەندەها خاڵی گرنگی تر. «پیتەر برووک» سەبارەت بەم کتێبە دەڵێت «یۆشی ئۆیدا لە ڕێی ئەم کتێبە ناوازەیەی خۆیەوە ئەوەمان بۆ دەخاتە روو کە چۆن نهێنی و تەلیسمەکانی نواندن هێزێکی جیانەکراوەن لەو زانستە کۆنکرێت و پڕ کارامەیی و هەمەلایەنەی کە لە ڕێی ئەزموونەوە فێری دەبین. ئەو وانە گرنگ و زیندووانەی کە ئەو دەیانگەیەنێتە ئێمە، ئەوەندە بە ڕۆشنی و ناسکییەوە باسیان لێوە دەکات، کە لە ئاستیاندا هەست بە هیچ دژواری و بارگرانییەک ناکەین».

«یۆشی ئۆیدا» زیاتر لە سی ساڵ بە بەردەوامی لەگەڵ «پیتەر برووک»، ئەفسوونبازی شانۆی ئەوروپی، کاری کردووە. هەر لە سەردەمی لاویدا مەشقی لەسەر شێوازی کلاسیکی «کەجین» کرد لە شانۆی «نۆ». «نۆ» جۆرێکە لە شانۆی سەمبوڵی، کە بە ئیستاتیکایەکی ڕێکوپێک لەباری جلوبەرگ و شێوازدا ڕەنگڕێژ کراوە. بابەتەکەی لە مێژوو یا لە ئەدەبی کلاسیکییەوە سەرچاوە دەگرێت و گۆرانی و سەما لەخۆدەگرێت، وەکو پێکهاتەیەکی بنچینەیی. کارەکتەری سەرەکی دەمامکێک دەپۆشێت، کە جوانییەکەی بێهاوتایە. بابەتەکانی زیاتر پەیوەندییان بە چارەنووسی مرۆڤەوە هەیە و لەسەر تەختەیەکی سادەدا نمایش دەکرێن. «ئۆیدا» لە شانۆی «نۆ»وە فێربوو، کە گۆڕانەکان لە دیوی ناوەوەی شتەکانە نەک لە رووواڵەتی دەرەوە. «کەجین» جۆرێکە لە شانۆی زارەکی، کە پشتی بە پێکەنین و کۆمیدیا دەبەست. بە پێچەوانەی «نۆ»، دەمامکی تیادا بەکار نەدەهات، تەنیا ئەگەر رۆڵەکە هی گیاندارێک بوایە وەکو «تانووکی»، کە جۆرە سەگێکی تیسکنی لمووز درێژە یان رۆڵی خواوەندێک بوایە. «کەجین»، ژیانی رۆژانەی خەڵکی رەشوڕووتی لە کۆمەڵگەی فیودالّیدا یاخود چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانی دەکرد بە بابەتی خۆی. هەندێک جاریش لاساییکردنەوەیەکی راستەقینەی ریتواڵە ئاینییەکانی «بودیزم» یا «شینتۆ» بوو. «نۆ» لەگەڵ «کەجین» هەر لە سەرەتاوە لەسەر هەمان تەختەی شانۆ نمایش دەکران. «نۆ» لە ڕێگەی گەڕان بەدوای ئایدیاڵە سەمبوڵئامێزەکانی جوانی و «کەجین»یش لە ڕێگەی گوزارشتکرنی واقیعییانە لە قۆشمەچێتییەوە گەوهەری راستەقینەی سرووشتی مرۆڤ پیشان دەدەن. لە سەردەمی ئەمڕۆدا هەردوو شانۆی «نۆ» و «کەجین» بە یەکەوە، کە بە هونەری «نۆگاکو» یان «نۆ و کەجین» ناسراون، سەبارەت بە بەها هونەرەییەکانیانەوە، لە سەرتاسەری دونیا ستایشی دەکەن و تەنانەت «یۆنسکۆ»ش ئەم دوو هونەرەی بە هونەری «نۆگاکۆ» وەکو شاکارێک لە لیستی کولتووره مرۆڤایەتییەکان لای خۆی تۆمار کردووە. «پیتەر برووک» لە هەموو ئەو گەشتانەی، کە بە نیازی لێکۆڵینەوە و گەشەپێکردنی ئەزموونەکانی لە بواری شانۆدا، لەگەڵ گرووپەکەیدا لە ئەفریقا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هندستان و ئوسترالیا و ئەمریکا کردوونی، بەردەوام «یۆشی ئۆیدا»ی لەگەڵ بووە. لەژێر باری ئەو ئەتمۆسفیرە ئیلهامبەخشەی، کە «برووک» بەردەوام لە گەڕان بەدوای فۆرمی تازەدا دروستی دەکرد، هێندەی نەبرد «ئۆیدا» نمایشی نایاب نایابی پێشکەش کرد، لە درامای زارەکیی رۆژئاوا، لە شانۆی توندوتیژی

کۆنباوی ئەفریقیا، لە نمایشکردنی ریتواڵە ئایینییەکان لە شانۆی هندی تا دەگاتە دراما پیرۆزەکانی فارسەکان. ئەوەی زۆر کاری کردە سەر «ئۆیدا» و سەرنجی پێکا لە هەموو لێکۆڵینەوە و ئاڵوگۆڕکێی بیرورِا هونەرییەکاندا، ئەو سەماو گۆرانییانە بوون، کە گوزارشتیان لە نەریت و سرووتە پیرۆزەکانی خەڵک دەکرد: سەماو گۆرانییەکانی تایبەت بە سۆفیگەری، نەریتە بوودیزمییەکانی تیبیتییەکان، هەروەها ریتواڵە ئایینییەکانی ئەفریقا. ئەمانە نەک هەر دڵی بینەران خۆشدەکەن، بەڵکو دەبن بە هۆی گۆڕانکارییەکی رۆحی لە هونەرمەندەکان. بەهەرحاڵ هەموو ئەمانە ریتواڵە ئایینییەکانی ژاپۆنی بیرهێنایەوە، کە بە «گیۆهۆ» ناسراون. بۆیە دوای ئەوەی لە پاریس لەگەڵ «پیتەر برووک»دا دەمێنێتەوە، هەوڵ دەدات برەو بە حەزێکی تایبەت بە خۆی بدات سەبارەت بە کولتووری ژاپۆنی. هەر بۆیە ماوە ماوە سەردانی ژاپۆن دەکات و لەوێ لەگەڵ چەندەها پسپۆڕ لە بواری جیاجیا کار دەکات، وەکو «یۆگا»، کە سیستەمێکی هندییە بۆ مەشقکردنی جەستە و هۆش بە پێی دیسپلینێکی تایبەت بۆ کۆنترۆڵکردنیان، هەروەها لەگەڵ مامۆستایانی «بوجوتسو»، کە هونەری جەنگ بوو لەلایەن ژاپۆنییەکان. بێجگە لەمانەش لەگەڵ قەشەکانی ئاینی «شینتۆ» و کەشیشە بووزییەکان و دەستەی مۆسیقاژەنە پێشرِەوەکانی ژاپۆن کار دەکات. لەوێ فێری «مەجرا» دەبێت، کە بریتییە لە جووڵانەوەی ئەندامانی لەش بەتایبەتی دەست و پەنجەکان لەلای هیندۆسەکان، هەروەها فێری «مانترا» بوو، کە بریتییە لەو وشە و دەستەواژەو دەنگانەی، کە بە پێی بیروباوەڕی هیندۆسەکان و بووزییەکان هێزێکی رۆحییان هەیە. بۆیە دووبارە دەکرێنەوە. بۆ ئەوەی «ئۆیدا» بە ریتواڵە نهێنییەکانی ئاینی «شینتۆ» بزانێت، سێ مانگ لە کلێسایەکی «شینتۆ» مەشقی قەشەیی کرد. لە ژاپۆندا، وەکو خۆی باسی لێوە دەکات، پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان ئایین و هونەر و نەریتە کۆنباوەکانی جەنگ. ئەم پەیوەندییە تەنها پەیوەندییەکی رۆحی نییە، بەڵکو لە باری پراکتیکییەوەش کاریگەرە. ریتواڵە ئاینییەکانی «شینتۆ» و «بوودیزم» زۆر لەو مەشقانە دەچن، کە لە هونەری جەنگدا بەکاردەهاتن، چونکە هەردووکیان دەربارەی هوشیاربوونەوە یا بەئاگابوونن لە راستییەک لە رێگەی جەستەوە زیاتر لەوەی لە رێگەی بەکارهێنانی مێشک یا بیرکردنەوە بێت.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە کەموکوورِییەک بکەم سەبارەت بە شێوازی چاپکردنی کتێبەکە بە زمانی کوردی. دیارە قسەکانی «لۆرِنا مارِشاڵ» لەگەڵ بیرورِاکانی «ئۆیدا»دا، کە یەکسەر دوای ئەو دێن، تێکەڵی یەکتر کراون و خوێنەر ناتوانێت جیایان بکاتەوە، لەکاتێکا لە تێکستە ئینگلیزییەکەدا قسەکانی «لۆرِنا مارِشاڵ» بە لاری (cursive) نووسراون. ئەمەیش کار دەکاتە سەر پەیامی کتێبەکە. بە پێی زانیارییەکانی من، وەرگێرِ زۆر بە جوانی جیای کردبووەوە لە رێگەی نووسینی قسەکانی «لۆرِنا مارِشاڵ» بە تۆختر یا رەشترەوە. بۆیە کەموکوورِییەکە دەگەرِێتەوە بۆ سەرپەرشتیکردنی چاپکردن.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم، کە کتێبی لەم جۆرە زۆر پێویستە بۆ ئەمرِۆی شانۆی کوردی، کە بەداخەوە لە پاشەکشەدایە، وێرِای پێزانینیمان بۆ هەوڵ و تەقەللاکانی هەندێک لە شانۆکاران، چونکە کتێبەکە بە شێوەیەکی ئەکادیمییانە مامەڵە لەگەڵ پرِۆسەی نواندن دەکات و دەستخۆشیشمان بۆ «فاروق هۆمەر»ی وەرگێرِ و بە هیوای بابەتی گرنگتر و بەپێزتر.



«یۆشی ئۆیدا» زیاتر لە سی ساڵ بە بەردەوامی لەگەڵ «پیتەر برووک»، ئەفسوونبازی شانۆی ئەورِوپی، کاری کردووە. هەر لە سەردەمی لاویدا مەشقی لەسەر شێوازی کلاسیکی «کەجین» کرد لە شانۆی «نۆ». «نۆ» جۆرێکە لە شانۆی سەمبوڵی، کە بە ئیستاتیکایەکی رێکوپێک لەباری جلوبەرگ و شێوازدا رەنگرێژ کراوە